NED DENG

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێک لەبارەی:

# دەستوەردانی حزبی لە حکومەتی خۆجێیی گەرمیان

ئازاری 2025

# بەشی یەکەم: قەبارەی دەستوەردانی حزبی لەکاروباری حکومی لە گەرمیان

## ١. هاوڵاتیان: دەستوەردانی حزبی زۆر بەربڵاوە

بەپێی راپرسیەک کە یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەرێگەی ئۆنلاینەوە ئەنجامیداوە، دەرکەوتوە زۆرینەی هاوڵاتیانی گەرمیان پێیانوایە دەستوەردانی حزب لە کاروباری حکومەت، زۆر زۆرە.

لە راپرسییەکەدا کە (٨٩) کەس بەشدارییان کردوە، پرسیاری ئەوەیان لێکراوە تاچەند دەستوەردانی حزبی لە کاری حکومییدا هەیە لە گەرمیان؟ لەوەڵامدا ٣ ,٣٩٪ وتویانە زۆر زۆر، ٢ ,٣٨٪ وتویانە زۆر، ١٨٪ وتویانە تاڕادەیەک (مامناوەند)، ٤ ,٣٪ وتویانە نازانم و ١ ,١٪ وتویانە هیچ دەستوەردان نییە.

لە پرسیارێکی تردا ئەوەیان روبەڕو کراوەتەوە کە ئایا ئەوان بە ئەزمونی خۆیان دەستوەردانی حزبییان لە کاروباری حکومەتدا بینیوە؟ لەوەڵامدا زۆرینەیان کە ٤ ,٨٥٪ـە دەڵێن بەڵێ.

لەگەرمیاندا جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە حزبی باڵادەستە و زۆرینەی رەهای سێکتەرەکانی لەژێر دەستە، سێ حزبی تریش بەشدارن لە حکومەتی خۆجێی (بزوتنەوەی گۆڕان (پێشتر ٨ پۆست و ئێستا ٦ پۆست)، یەکگرتوی ئیسلامی بە ٢ پۆست و کۆمەڵی دادگەریی بە پۆستێک).

لە پرسیارێکی راپرسیەکەدا ئەوە لە بەشداران پرسراوە ئایا دەستوەردانی حزبی لەلایەن هەمو حزبەکانەوە هەیە یان تەنها حزبێک یان دو حزبن؟ لەوەڵامدا ٨ ,٤٣٪ دەڵێن بەڵێ لەلایەن هەمو حزبەکانەوە دەستوەردان هەیە، ٨ ,٤٣٪ دەڵێن نەخێر لەلایەن هەمویانەوە نییە و ٤ ,١٢٪ـیش دەڵێن نازانم.

## ٢. چالاکوانان: دەستوەردانی حزب بوە بە رۆتین

چالاکوانان لە گەرمیان جەخت لەوەدەکەنەوە دەستوەردانی حزب لە کاروباری حکومەت بونی هەیە و بوە بە رۆتینێکی رۆژانە، وەک خۆیان دەڵێن ئەمە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانە و رێگرە لە بەرەوپێشچونی وڵات.

سەیوان مەحمود، چالاکوان لە گەرمیان دەڵێت: تاوەکو ئێستا دەستوەردانی حزبی لە فەرمانگە حکومیەکان هەیە و هەرماوە، ئەم دەستوەردانەش لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر ئەگۆڕێت.

هاوکات، شوان جەلال، چالاکوان لە گەرمیان دەڵێت: دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومەت لە گەرمیان نەک بوە بە دیاردە، بەڵکو بوە بە رۆتینێکی رۆژانە و بەردەوامی هەیە، بەجۆرێکە حزب بوەتە خاوەنی حکومەت و بەڕێوەبردن تەنانەت حزب بە پارەی حکومەت دەژیەت.

بەپێی وتەی ئەو چالاکوانە حزب لە ئێستادا دەستوەردەدات لە کۆی سێکتەرەکان چ لە وەبەرهێنان بێت یان پەروەردە بێت یات لە بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاریی، بەجۆرێکە وای لێهاتوە هاوڵاتی بۆ کارێکی زۆر سادەش دەست ببات بۆ حزب، ئەمەش بەوتەی خۆی «دیاردەیەکی زۆر خراپە«.

ئەیاد محەمەد، چالاکوان لە گەرمیان باس لەوە دەکات: لە ئاستی سەرەوەی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دەستوەردانی حزبی هەیە تاوەکو دێتە خوارەوە بۆ ئاستی محەلی و بابەتێکی گشتگیرە و تەنها ناوچەیەک و شارێک نیە، بۆیە ئەم دەستوەردانەش بە جۆرێک حزب ئەمر بە حکومەت دەکات کە چی بکات و چی جێبەجێ بکات.

دەشڵێت: هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لە فەرمانگەکاندا هەن حزب دایناون و حکومەتیش هەر حزب پێکیهێناوە، ئەم بابەتەش سەری کێشاوە بۆ ئەوەی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو نەبێت و چارەسەریشی ئاسان نیە، چونکە هەر حزبە فەرمان بەکارەکتەرەکانی حکومەت دەکات و هەر شەخسی ناو حزبە ئەوکارەدەکات.

جەختی لەوەشکردەوە: چەندین نمونەمان هەیە کە حزب دەستیوەرداوە و کاری لەسەر کراوە لە ئاستی حکومەت بۆ نمونە ئەو فەرمانبەرانەی زانکۆی گەرمیان کە ناوی هەندێک گەڕابوە بۆ دامەزراندن کە حزب کاری لەسەر کردبو و دابینابون و هەقیشیان نەبو کە دابمەزرێن.

هاوکات، هونەر عەلی، سەرۆکی گروپی رێسا بۆ هۆشیاریی یاسایی لە گەرمیان، وتی: دەستوەردانی حزبی لە کۆی سێکتەر و جومگەکان هەیە کە ئەمەش پێشێلی یاسا و رێنماییەکانە.

دەشڵێت: حزب لە ئێستادا وەسیلەیەکە بۆ پەرەپێدانی کاروباری حکومەت و جوانکردنی و فەرمانگەکانیش لە حزب پێکهاتوە، ئەو فەرمان و یاسا و رێنمایانەشی کە دەرئەچێت لە حکومەت هەم دیسان کەسانی حزبی دەریدەکەن، زۆرجاریش حزب دەستوەردانی زۆر زەق دەکات بۆ کەسانێک کە خاوەن بیروبۆچونی باشن لە بەڕێوەبردندا.

## ٣. دەستوەردانی حزبی لە زاری بەڕێوبەری فەرمانگەکانەوە

بەڕێوبەری فەرمانگەکانی گەرمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەستوەردانی حزبی لە کاروباریاندا هەیە، بەڵام وەکخۆیان دەڵێن لە ئاستی «داواکاری و تەکلیف» دایە وەک لە ڕێنمایی و یاساکان. ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، رایدەگەیەنێت: دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومەت دەکەوێتەوە سەر بەرپرسی یەکەمی بەڕێوبەرایەتیەکە کە تاچەند رێگە بەوە دەدات، ئەگەرنا بەوشێوەیە نیە کە دەوترێت حزب دەست لە کاروباری حکومەت وەرئەدات و پێشێلی یاسا و رێنماییەکان بکات.

دەشڵێت: بەڵێ داواکاری هەیە، بەرپرسی نەک حزبەکەی خۆم، بەڵکو هەمو حزبەکانی تریش پەیوەندیان کردوە بۆ کاری هاوڵاتیان کە نایاسایی بوە داواکارییەکەیان نەمکردوە، هیچ حزبێکیش ناتوانێت ناچارت بکات کە پێشێلی یاسا و رێنماییەکان بکەی و کاری نایاساییت پێبکات، ئەوەشی هەبوە تەنها داواکاری بوە و یارمەتی هاوڵاتیان بدەین.

بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار، «حزب دەستوەردان لە ئیشوکار ناکات، بەڵام داوای رونکردنەوە دەکات»، دەشڵێت: کاتێکیش دەستوەردان دەکات لە بابەتێک کە نارەزایەتی خەڵک هەبێت، بۆ نمونە دوکانی زەرەنگەرەکان زۆر جەختی لێکرایەوە کە نەکرێت و دەستوەردان هەبو، بەڵام دواجار کردمان، یان کارگەی بلۆکەکان حزب پێی وتین بەهیچ جۆرێک دەستی لێنەدرێت، بەڵام پێم وتن نەیکەم نایاساییە ئەگەر وابێت رەنگە دەست لە پۆستەکەم هەڵبگرم، ئەوەبو کردمان و نەمانهێشت مافی هاوڵاتیش بڕوات.

جەخت لەوەشدەکاتەوە: «هیچ کاتیش نەبوە حزبەکەم لەسەر ئەوەی ئەو کارە نایاساییەی کە نەمکردوە ئیجرائاتی حزبیشم لەگەڵ نەکراوە«.

هاوکات، عادل حسێن، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان لەسەر پشکی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، باس لەوە دەکات: دەستوەردانی حزبی لە کۆی جومگە و سێکتەرکانی حکومەت هەیە، بەجۆرێک دەبێت پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای پسپۆڕی و لێهاتوی کارامەیی بێت، بەڵام لە هەمو دونیا وایە ئەو حزبەی کە لە هەڵبژاردن کورسی زۆر بەدەست دەهێنێت ئەو حزبە حکومەت پێکدەهێنێت.

دەشڵێت: دەستوەردان رۆشتوەتە ناو هەمو کایەکانی حکومەت و ئیدارەدانەوە، تەنانەت هیچ کارێک بەبێ ئۆکەی حزب لە ناو حکومەت جێبەجێ ناکرێت، بۆ نمونە لە ئێستادا پێکنەهێنانی حکومەت و پەکخستنی پەرلەمان هەموی گیرۆدەی دەستی حزبە.

بەڕێوبەرێک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەستوەردانەکان لە ئێستادا حزبی نیە، بەڵکو شەخسی ناو حزبەکانن کە داواکاری و تەکلیف دەکەن بۆ راپەڕاندنی کاری هاوڵاتیەک.

ژیلوان عادل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان، دەڵێت: ئەوە دەبیینین دەستوەردانەکان لە سنورەکە حزبی نین، بەڵکو شەخسی ناو حزبەکانن، ئەگەرنا وەک حزبی خۆمان و حزبەکانی تریش نوسراوێکمان بۆ نەهاتوە و داوامان لێبکات جێبەجێی بکەین.

باسی لەوەشکرد: دەستوەردانەکانیش زیاتر داواکاری و تەکلیف بوە کە کارێک بۆ هاوڵاتیەک بکرێت، ئەگەرنا شتێک نەبوە حزبێک پابەندت بکات و شتێکی نایاسایی جێبەجێ بکەیت شتی وا نیە بەو موتڵەقیە.

«دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومەت بێگومان هەیە لە کۆی حزبەکان نەک تەنها حزبێکی سیاسی یان کەسایەتیەکی سیاسی، ئەمەش بە لایەنی داواکاری و تەکلیفکردن، نەک بە ئاراستەی دەستوەردان لە یاسا و رێنماییەکان». سامان مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وا دەڵێت.

دەشڵێت: ئێمە لە رێگەی حزبێکی سیاسیەوە پۆستمان وەرگرتوە، زۆرجاریش ئەو دەستوەردانە کاتێک روودەدات هاوڵاتیەک وا هەست ئەکات کە لە فەرمانگەیەک کارەکەی وەکپێویست رایی ناکرێت و پەنا دەباتە بەر حزبێک یان کەسایەتییەکی حزبی بۆ ئەوەی هەق و مافی خۆی وەربگرێتەوە.

وتیشی: هەندێکجار دەستوەردانەکان بەلایەنی بەرژەوەندی هاوڵاتیان بوە، ئەگەرچی زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەپێی یاسا و رێنماییەکان دەتوانین هاوکاری خەڵک بکەین، ئەگەر نا دژی یاسا و رێنماییەکان نین.

لە حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا، ٤ لایەن بەشدارن (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵی دادگەریی). کۆمەڵی دادگەری تەنها پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور «پێباز»ی هەیە، سەرباری پەیوەندیکردنی یەکەکەمان بە بەڕێوبەری ناحیەی باوەنورەوە، بەڵام ئامادەنەبو لەبارەی ئەم پرسەوە لێدوان بدات.

## ٤. ئاستی دەستوەردانی حزب لە کاروباری فەرمانگەکان لە ناحیەکان

بەڕێوبەرانی ناحیەکانی رای جیاوازیان هەیە لەسەر دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومەت، هەندێک پێیانوایە دەستوەردان هەیە لەسەر ئاستی داواکاری و هەندێکیش بەپێچەوانەوە دەڵێن هەستیان بەوە نەکردوە دەستوەردان هەبێت.

جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاریی لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، باس لەوە دەکات: حکومەت حزب دروستی کردوە و پێکیهێناوە، ئەوانەشی کە کادر و بەڕێوبەری فەرمانگەیەکن، نوێنەری یەکێک لە حزبەکانە و هاتوەتە یەکەی ئیداری، بۆنمونە ئێستا من لەسەر حزب لەم بەرپرسیارێتیە دانراوم، بۆیە هەمو حزبێکیش تموحی ئەوەی هەیە کە کەسێک دادەنێت بتوانێت کارێکی بۆ بکات و خزمەتی بکات داواکارییەکی لێبکات بۆ کارێک.

دەشڵێت: لە هەمان کاتدا ئێستا دەستوەردانی حزبی زۆر کەمە لەچاو سالانی رابردو، ئەوەشی هەیە لە ئاستی داواکارییە وەک لە دەستوەردانی کاروباری حکومەت و دەستوەردان لە یاسا و رێنماییەکان، کە ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە.

بەپێی وتەی ئەو بەڕێوبەرە، بەشێکی زۆری داواکارییەکانی حزب لە حکومەت داواکاری خەڵکە و خەڵک هۆکارە بۆ ئەو دەستوەردانە، «بە جۆرێکە بۆ کارێکی لابەلا و پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکان پەنا بۆ حزب دەبات بۆ ئەوەی بۆی جێبەجێبکرێت لە نمونەی لێدانی بیری نایاسا و دروستکردنی سیاج و لەو جۆرە کارانە، خەڵکیش دەیەوێت داواکارییەکەی جێبەجێ بکرێت و بە ئامانجەکەی خۆی بگات».

ئەو جەختی لەوەشکردەوە: چەندین جار داواکاری حزبی هاتوە لەو شێوەیە، بەلام کە زانیومانە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانە نەمکردوە و ناشیکەم.

بە پێچەوانەوە، دانا ئەحمەد، بەرێوبەری ناحیەی شێخ تەویل لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان، وتی: جیاواز لە ناحیەکانی تر ناحیەکەی ئێمە دورەدەستە و زۆرینەی فەرمانگەکانی ئێمە لەگەڵ ناحیەی باوەنور دایە و تەنها فەرمانگە سەربازییەکان زیاتر لە ناحیەکەماندا هەیە، دەستوەردانی حزبیش لە کاروبارەکانمان لەلای ئێمە هەر نەبوە و نیە.


دەشڵێت: ئەوەی هەیە زەوی کشتوکاڵیە زۆر قسەی لەسەرە لەلای ئێمە، ئەوەش لە دەسەڵاتی یەکەی ئیداری نەماوەتەوە و لەلای بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ خۆیەتی و خۆیان کاری لەسەر دەکەن ئێمە تەنها جێبەجێکارین.

بەپێی وتەی ئەو بەڕێوبەرە، لە ماوەی ٤ ساڵی کارکردنی وەک بەڕێوبەری ناحیە دەستوەردانی حزبی نەبوە لە کاروباریان وەکخۆی دەڵێت: بگرە زۆر هاوکاریان بون بۆ جێبەجێکردنی یاسا و رێنماییەکان و جێبەجێشیان کردوە.

«وەک ئەوەی ناحیەی ئاوەسپی ناحیەیەکی ئاڵۆز نیە و دورەدەستین و شتی گەورەمان نیە، دەستوەردانی حزبیش لە کاروبارەکانماندا نیە، ئەوەی هەیە کێشەی کۆمەڵایەتیە وەک سیاسی و هەستمان بەوە نەکردوە دەستوەردان هەبێت».

عەزیز محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی ئاوە سپی کە لەسەر پشکی یەکگرتوی ئیسلامیە، وا دەڵێت.

وتیشی: شتی واش نەبوە کە خەڵک وابکات حزب دەست وەربدات لە کاروبارمان، هەر گرفتێکیش هەبوبێت بەپێی یاسا و رێنماییەکان کارمان لەسەر کردوە، هاوکات هیچ ئاستەنگیەک نیە بۆ کاروبارەکانمان، ئەوەی هەیە حکومەت خۆی کاریگەری هەبوە بۆمان نەک دەستوەردانی حزبی و کەمترین دەستوەردان هەیە.



کۆبونەوەیەکی ئیدارەی گەرمیان فۆتۆ: سۆسیال میدیا

## ٥. بەرپرسانی حزبی چی لەبارەی دەستوەردانی حزب لە حکومەت دەڵێن؟

بەرپرسانی حزبەکان جەخت لەوە دەکەنەوە دەستوەردانی لە کاروباری حکومەت هەیە و بەشێکی زۆریشی بۆ تەکلیفە، جەخت لەوەش دەکەنەوە هاوکاری کادیرەکانیان بون و دەستیان لە کاروباریان وەرنەداوە.

عەلی دەرویش، وتەبێژی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێت: ئێمە جیا لەوە هیچ دەست وەردانێکمان نەکردوە لە کاروباری حکومەت تەنها ئەرکمان پێسپاردون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کەموکورتیەک هەبێت و ئەرکی خۆیان وەک پێویست جێبەجێنەکەن و رای نەکەن ئەوە ئەتوانین لە نوێنەرەکانی خۆمان بپرسینەوە بۆچی نەیان توانیوە لە ئاست داخوازی خەڵک و جەماوەرمان نەبون، بەڵام وەک دەست وەردان هیچ شتێکی لەوشێوەیەمان نیە بە زەقی وەک باس دە کرێت.

مەریوان رەحیم، بەرپرسی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، باسی لەوەکرد: وەک بزوتنەوەی گۆڕان هیچ کات نەبوە دەستوەردان بکەین لە کاروباری ئیداری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە لەلایەن کادرەکانمانەوە بەرێوە دەبرێن کە ٨ فەرمانگەمان لەلابوە، بەپێچەوانەوە پاڵپشتیان بوین.

دەشڵێت: راستە داواکاری و تەکلیف هەیە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆ ئەوەی کارێکیان بۆ بکرێت، بەڵام پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکان نەبوە و بە کادرەکانمان وتوە لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییەکان دەتوانن هاوکاری هاوڵاتیان بەگشتی بکەن، هەرگیز نەمانوتوە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکان کاربکەن.

هاوکات، بورهان مزەفەر، لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان یەکگرتوی ئیسلامی، هێمای بۆ ئەوەکرد: دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی زۆرزۆرە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت نکۆڵی لەو بابەتە بکات و حاشای لێبکات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی ئەگەر کەسێک بیەوێت کاروباری بڕوات لە ناو حکومەت سەردانی مەڵبەندەکانی یەکێتی دەکات، لە سنوری پارتیش بە هەمان شێوە سەردانی لقەکانیان دەکات.

دەشڵێت: ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومەت، چونکە دواجار حزبە باڵادەستە لە سەر تەواوی دامودەزگاکان، ئەگەر باسی گەرمیانیش بکەین بەڵێ دەستوەردانی یەکێتی لە ناو تەواوی دامودەزگا حکومیەکان هەیە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە وەک خۆمان ٢ پۆستمان هەیە لە ناو حکومەت، بە هیچ شێوەیەک رێگەمان بە خۆمان نەداوە دەست لە کاروباریان وەربدەین، بەهیچ شێوەیەکیش رێگە بە خۆمان نادەین دەستکاری کاروباریان بکەین لە ناو حکومەتدا و ناشیکەین.

«بەشێوەیەکی گشتی حکومەت لەلایەن حزبەوە بەڕێوەدەبرێت و دەستوەردانیش لە کاروباری حکومەت زۆر زۆرە لەلایەن حزبەوە، هیچ کارێکیش بەبێ ئەوامری حزب لە نێو فەرمانگە حکومیەکان بەڕێوەناچێت بەتایبەت لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە کە دو حزبی باڵادەستن و زۆرترین پۆستەکانیش لەلای ئەوانە«. حەسەن محەمەد سالح، کارگێڕی مەڵبەندی کۆمەڵی دادگەری لە گەرمیان، وای وت.

وتیشی: دەستوەردانەکانیش لە بچوکترین شتەوە تاوەکو گەورەترین شت لە کاروباری حکومەتدا لەلایەن حزبەوە هەیە لە کۆی جومگەکانی بەڕێوەبردن، بە جۆرێک لە هەر پۆستێکی بچوک و سادەش بێت لە سەر تەزکیەی حزبی کەسەکان دادەنرێن وەک لەوەی لەسەر لێهاتویی و کارامەیی و شارەزایی کەسەکە بێت و زۆر بە وردیش چاودێری دەکرێن.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەگەر وەک گەرمیان باس بکەین و وەک خۆمان تەنها یەک پۆستمان هەیە ئەویش بەڕێوبەری ناحیەی باوەنورە، ئەوەشی کە ئێمە چاودێریمان کردوە لە کاروباری ئیداری ئەگەر ئەو پۆستەی لەلات هەیە و بەدەستی حزبی دەسەڵات دارەوە نەبێت، ئاستەنگی زۆرت بۆ دروست دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە هی خۆیانە هەمو شتێکی بۆ دەکرێت.

بەپێی وتەی کارگێڕی مەڵبەندی کۆمەڵی دادگەری لە گەرمیان کە جەختی لێکردوەتەوە: وەک کۆمەڵ هیچ کات دەستمان وەرنەداوە لە کاروباری ئەو کادیرەمان کە پۆستی لایە، بەڵکو جەختمان لەسەر ئەوە کردوەتەوە هەر بابەتێک لە بەرژەوەندی گشتی بێت بەپێی یاسا و رێنماییەکان کاری لەسەر بکەن، هاوکات ئەو پۆستەشی لای ئێمەیە دەسەڵاتێکی سنورداری هەیە و هەمیشە پشتیوانی بوین.

# بەشی دوەم: لێکەوتەکانی دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی

## ١. هاوڵاتیان دەستوەردانی حزبی بە کارێکی نادروست دەزانن

بەپێی راپرسیەکی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، زۆرینەی بەشداران دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی، بە کارێکی باش نازانن.

راپرسییەکە کە بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامدراوە و (٨٩) کەس تیایدا بەشدارییان کردوە، لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی بەنیسبەت خۆتەوە، ئایا لەگەڵ دەستوەردانی حزب دایت لە کاروباری حکومەت؟ هیچ کام لە وەڵامەکان بەڵێ نییە، بەڵکو ١٩,١٪ دەڵێن هەندێکجار لەگەڵ دەستوەردانی حزبم و ٨٠,٩٪ دەڵێن نەخێر بە تەواویی دژی دەستوەردانی حزبم.

لە پرسیارێکی تردا لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو دەستوەردانە حزبییەی لەکاری حکومییدا هەیە لە گەرمیان، بە ئاراستەی باشە یان خراپ؟ لەوەڵامدا ٣,٤٪ پێیانوایە باشە و ٧٣٪ پێیانوایە خراپە و ٢٣,٦٪ دەڵێن نازانین.

## ٢. دروستکردنی ئاستەنگیی حزبیی بۆ بەڕێوبەرانی حکومی

هەندێک لە بەڕێوبەرانی حزبە جیاوازەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئاستەنگی لە کاروبارەکانیان بۆ دروست دەکرێت، بەرپرسە حزبیەکانیش جەخت لە دروستی بابەتەکە دەکەنەوە.

عادل حسێن، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان لەسەر پشکی یەکگرتوی ئیسلامی باس لەوە دەکات: ئەگەر وەک خۆم ئاسانکارییەکم بۆ نەکرابێت وەک بەڕێوبەرێک لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە، ئەوە ئیستحقاقی بەڕێوبەرایەتیەکە و لە روی مادیشەوە هیچمان بۆ نەکراوە.

وتیشی: بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ رێگریەکیشمان لێنەکراوە بۆ ئیش و کارەکانمان ئەوەی ویستومانە و لە توانامان هەبوە کردومانە بەپێی یاسا و رێنماییەکان.

هاوکات، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت: ئاستەنگیمان بۆ دروستکراوە لە ئاستی شەخسی ناو حزبەکان کە رێگریمان بۆ کراوە، بەپێچەوانەشەوە هەبوە هاوکارمان بوە، بۆیە بە هەردو دیوەکەدا هەیە.

دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا رێگەمان نەداوە کارمان بوەستێت و بڕیارێکی پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکان جێبەجێ بکەین.

هاوکات، مەریوان رەحیم، بەرپرسی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، جەختی لەوەکردەوە: ئاستەنگی زۆر هاتوەتە پێش کادرەکانمان لە ناو حکومەت لە گەرمیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان و لەلایەن فەرمانگەکانی تری سەر بە حزبەکانی تری گەرمیان بەتایبەت یەکێتی کە باڵادەستە لە سنورەکە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوان نەهاتونەتە سەر شاشە بۆ رای گشتی رایبگەیەنن کە ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت و رێگە نادرێت کاری خۆیان بکەن، پێشمان وتون پاڵپشتانین، بەڵام نەیان کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکو لە حکومەتدابین کاری خۆمان دەکەین و بەردەوام دەبین.

لەبارەی ئەوەی تاچەند ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت لەلایەن حزبەکان و کادری حزبەکانەوە، حەسەن محەمەد ساڵح، کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیانی کۆمەڵی دادگەری، وتی: نوێنەرەکەمان لە حکومەت لە کاتی دەستبەکاربونیەوە تاوەکو ئێستا ئاستەنگی بۆ دروستکراوە هاوکات هاوکاریشی کراوە لەلایەن هەندێک بەرپرسەوە، ئاستەنگیەکانیش هەر یەکە ئیدارییەکان نەبوە، بەڵکو دەزگا حزبیەکانیش ئەوەیان کردوە، تەنانەت هەوڵی ئەوەیانداوە بێ رۆڵی بکەن لە کاروباری ئیداری، بەجۆرێک زۆر شتی لەبەردەست نیە وەک بودجە و ستاف و پێداویستی، بەڵام بۆ بەڕێوبەری ناحیەیەکی خۆیان هەمو هاوکارییەک هەیە.

بەپێچەوانەوە، بورهان مزەفەر ، لێپرساوی مەڵبەندی گەرمیان یەکگرتوی ئیسلامی هێمای بۆ ئەوەکرد: ئەتوانین بڵێن مامەڵەکان بەگشتی باش بون، رەنگە هەندێکجار شت کرابێت لەملاو ئەولا، بەڵام هەست دەکەین بە مەبەست نەبوە.

وتیشی: شتێکی دیکە هەیە پێویستە باس بکرێت ئەویش ئەوەیە ئیداری گەرمیان بە یەک چاو سەیری کادیرەکانی ئێمە و ئەوانەی خۆیان نەکردوە، بەجۆرێک لە دابینکردنی ئۆتۆمبێلێکەوە تاوەکو شتی دیکە جیاوازی کراوە.

جەختی لەوەشکردەوە: بەڵام ناتوانین بڵێین ئاستەنگییان بۆ کادیرەکانمان دروستکردوە.



فەرمانبەرێکی بانکی گەرمیان لەکاتی راییکردنی کاروباری هاوڵاتیان فۆتۆ: یەکەی چاوێری

## ٣. چاودێرێکی سیاسی: دەستوەردانی حزبی لە فەرمانگەکان نادادیی دروست کردوە

«ئـەوەی کە لە هەرێمی ئێمە دەگوزەرێت حوکمڕانی نیە، چونکە حزب ئەوەی پلە و پۆستە لە کەرتی حوکمی و کەرتی تایبەتیشی گرتوەتەوە لە ئێستادا وەک غەنیمەیەک سەیری دەکات و بەسەر ئـەو کادیر و ئـەو خەڵکانەدا دابەشـی دەکات»، ئەمەش بە رای چاودێرێکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ.

د. ئیسـماعیل نامیـق، مامۆسـتای زانکـۆ و چاودێری سیاسـی، دەشـڵێت: لـە هەمو دونیا حزب پێکهێنـەری حکومەتە، بەڵام لە ئاستی سەرەوە وەک سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و وەزیرەکان و بریـکاری وەزیـرەکان کـە حـزب یەکلایدەکاتـەوە، بـەڵام کە شـۆڕئەبێتەوە بۆ فەرمانگەکان و یەکە ئیدارییەکان حزب دەسـت وەرنادات و لەسەر بنەمای خزمەت و توانا و کەفائەت و دڵسۆزی پۆستەکان یەکلادەکرێنەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: کەچی ئەمە لە هەرێمی کوردستانی خۆمان و گەرمیانیش بەتایبەتی بەمشێوەیە کە ئێستا هەیە و پێچەوانەی هەمـو دونیایـە، بۆیە دامودەزگاکان ناتوانن وەک پێویسـت رۆڵی خۆیـان بگێڕن و خزمەت بکەن، ئەمەش وایکردوە نادادییەکی زۆر هەبێـت و گلـەی و گازنـدەی هاوڵاتیانیش لەسـەر دامودەزگاکان زیاتر ببێت.

«دەستوەردانی حزبی بە رادەیەکە کە وایلێهاتوە کە بەرپرسیارێتی دەدرێت بە کەسێک شارەزای و لێهاتویەکەی ناخوێنرێتەوە بەڵکو ئینتیمـای حزبیەکەی دەخوێنرێتەوە و کراوە بە پێوەر». شـوان جەلال، چالاکوان لە گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشـی: دەیان کەسـی شـارەزا و بەتوانا و کارامەمان هەیە لە ناوچەکە بەرپرسـیارێتیان پێنادرێت، چونکـە ئینتیمای حزبییان نیە.

بەپێی وتەی هونەر عەلی، سـەرۆکی گروپی رێسـا بۆ هۆشیاریی یاسایی، ئەگەر حزب کار لەسەر بەبەتێک بکات بۆ کۆی کۆمەڵگە بێت و لەبەرژەوەندی گشتی بێت ئەمە ئاساییە، بەڵام ئەگەر بێت و ئـەو کارەی کـە دەیـکات تەنها بۆ لایەنگـران و کادیرانی خۆی بێت، ئەمە نایاساییە.

دەشـڵێت: هیچ یاسـا و رێنماییەک لە ١٠٠٪ وەک خۆی جێبەجێ ناکرێـت، چونکە یاسـا توندە و دادپەروەرە بۆ کـۆی کۆمەڵگا، کۆمەڵگـەی ئێمـەش حەزی بە توندی یاسـا نیـە، حزبیش رۆڵی گێـڕاوە لـە ناشـرینکردنی بەڕێوبەرایەتـی و فەرمانگـەکان بـۆ بەرژەوەندی تەنها حزبەکەی و ئەو کەسانەشی کە چەند پسپۆڕ و لێهاتوبن لە بەڕێوەبردندا ناشرینیان دەکات.

بەپێی راپرسییەکی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لە رێگەی ئۆنلاین لەنێوان (٨٩) کەسدا ئەنجامیداوە، پرسیاری ئەوەیـان روبەڕوکراوەتـەوە کـە ئەگەر فەرمانبـەر و موچەخۆری حکومەتیت، ئایا هەبوە بەهۆی دەستوەردانی حزبییەوە لە پۆست و پلە بێبەش کرابیت یان پۆسـت و پلەت وەرگرتبێت؟ لەوەڵامدا زۆرینەیان ٩ ,٦٢٪ـە دەڵێن نەخێر و ١ ,٣٧٪ دەڵێن بەڵێ.

## ٤. دروستبونی گەندەڵی

دو چالاکوان جەخت لەوەدەکەنەوە دەستوەردانی حزب لە کاروباری حکومەت سەردەکێشێت بۆ گەندەڵی.
شوان جەلال، چالاکی مەدەنی لە گەرمیان، دەڵێت: دەستوەردانی حزب یەکێکە لەو بابەتانەی کە بوەتە هۆکاری گەندەڵی و بەرفراوانبون و پەرەسەندنی گەندەڵی لە کاروباری حکومەتدا، بە جۆرێکە واستە دەکرێت بەناوی حزب و تەزکیکەی حزبیەوە بۆ کارێک، یان دامەزراندن دەکرێت بە ئینتیمای حزبیەوە و نمونەشمان هەیە لە گەرمیان، لە کاتێکدا هەمو ئەمانە کاری نایاساین.
لایخۆشیەوە سەیوان مەحمود، چالاکوان لە گەرمیان دەڵێت: دەستوەردانی حزبی لە فەرمانگە حکومیەکان کێشە و گرفت بۆ کاروباری ئیداری دروست دەکات و هاوکات هەر دەستوەردانێکیش پێشێلی رونی یاساییە.
دەشڵێت: بەشێک لەم دەستوەردانانەش گرفت بۆ هاوڵاتیان دروست دەکات، بەجۆرێک هەندێک کات ئیش و کارەکانیان یان هەر ناکرێت یان گرفتی بۆ دروست دەکرێت و ماوەیەکی زۆری دەوێت.
بەڕای د. ئیسماعیل نامیق، کێشەکە بە دیاریکراوی ئەوەیە هەر فەرمانگەیەک لە هۆبەی پارێزگاریکردنەوە تاوەکو سەرۆکی فەرمانگەکە حزب دایناوە بە «مەنسوبیەت و مەحسوبیەت و واستە»، سبەینێش ئەو کەسەی کە دایناوە حاشیەکەی ئەو کەسە داواکارییەکی هەیە و زۆر بە ئاسانی بۆی جێبەجێ دەکرێت بە ئاسانی لە کاتێکدا هاوڵاتیەکی ئاسایش سەرەی گرتوە و کارەکانی بە قورسی بۆ تەواو دەکرێت.
دەشڵێت: ئەمە جگە لەوەی نادادییەکی زۆری دروستکردوە، بە جۆرێک لە جۆرەکانیش رەنگە بەرتیل وەربگیرێت و شاراوە بێت و دیار نەبێت، بۆیە کەرتی حکومەت لە داروخاندایە و پێویستە ئاوڕی جدی لێبدرێتەوە و دەستوەردانی حزبی لە ناو فەرمانگەکان کەم بکرێتەوە و نەهێڵرێت و بنەمای دادپەروەری و یەکسانی جێبەجێ بکرێت.

## ٥. زیادبونی زیادەڕۆیی

چالاکوانێک دەڵێت: یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبونی زیادەڕەوی لەسەر زەویی چ کشتوکاڵی و چ نیشتەجێبون، دەستوەردانی حزبی و شەخسی ناو حزبەکانن، بەرپرسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە مەرج نیە هەمو زیادەڕەوییەک بەرپرسی فەرمانگەکە ئاگاداربێت.
ئەیاد محەمەد عەلی، چالاکوان لە گەرمیان، دەڵێت: لێدانی بیری نایاسایی و سیاجکردنی زەوی بەناوی باخەوە زیادەڕەوی کردنە سەر موڵک و ماڵی دەوڵەت ناشاردرێتەوە و بێگومان بۆ ئەو بابەتەش دەستوەردانی حزبی و شەخسیش هەبوە لە ماوەکانی رابردو بە ئێستاشەوە.
دەشڵێت: بۆنمونە لەم گەرمیانە چەندین زەوی هەیە لە تەنیشتی یەکەوەیە و دانەیەکیان رێگەی پێدراوە خانو بکات یان سیاج بکات، ئەوەی کە لە تەنیشتیەتی رێگەی پێنەدراوە، جا ئیتر بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان بێت لە رێگەی حزبەوە بێت یان لە رێگەی شەخسەوە بێت ئەو جیاکارییە کراوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ساڵانی رابردودا لێدانی بیری نایاسایی زۆر بەربڵاو بو و نزیکەی ٢ هەزار بیری نایاسی هەیە و رەنگە رێژەکەش زۆر لەوە زیاتر بێت، ئەمە یەکێکە لە نمونەکان و بەردەوامیشی هەیە بەتایبەت لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان ئەمە رودەدات.
لە بەرامبەردا، ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وتی: زیادەڕەوی شتێک نیە بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەکە ئاگاداری بێت، چونکە لیژنەی زیادەڕەوی هەیە لەگەڵ روپێوی بەشەکە لەگەڵ پۆلیسی شارەوانی بۆ لابردنی زیادەڕەوی، ئەگەر لای ئێمە چاوپۆشی بکرێت بە ئەمری حزب ئەی لایەنەکانی دیکە؟
جەختی لەوەشکردەوە: وەک هاوکاری هەبوە کەسێک خانویەکی هەیە و پێویستی بە هەندێک گۆڕانکاری هەبوە، بەڵام ئەوە رێگەپێدارو نەبوە لەسەر زەوییەکی تەخت هاوڵاتی زیادەڕوی بکات و حزب دەست وەربدات، بۆیە بە هیچ جۆرێک کاری نایاسایی ناکەم. لایخۆشیەوە، هونەر عەلی، سەرۆکی گروپی رێسا بۆ هۆشیاریی یاسایی لە گەرمیان، هێمای بۆ ئەوەکرد: دەستوەردانەکانی حزب لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆر ئاشکرا و رون دەبێت، بەجۆرێک هەندێک کار دەکات پێچەوانەی یاسا و دەستورە لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵێک کەس، بۆ نمونە رێگەدان بە هەڵکەندنی بیری نایاسایی وەک بانگەشە لەکاتی هەڵبژاردن.
«دەستوەردانی حزبی هەیە لە کاروبارەکان قسەکەش زۆر لەسەر بابەتی زیادەڕەوییە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت بەپێی یاسا و رێنماییەکان کاری خۆمان دەکەین، بەڵام ئەو بیرانەی کە بە نایاسایی دەکرێت ئێمە بێ ئاگاین لێی و نازانین چ کات و بە چ شێوەیەک دەکرێت». حامد جومعە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وای وت.
دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە داواکاری و نوسراومان بۆ دێت لەلایەن حزبەوە کە کار بۆ هاوڵاتیان بکەین پێیان ئەڵێن کە ناکرێت بەپێی یاسا و رێنماییەکان.
لەبەرامبەردا عەلی دەروێش، وتەبێژی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەڵێت: ئێمە لەگەڵ هیچ زیادەڕەوییەک نەبوین و نین و نەشمانویستوە هەبێت، ئەم دیاردەیەش تەنها لە سنوری گەرمیان نیە بەتەنها، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە ساڵانی رابردو هەبوە بەرپرسی ئیداری کە قایمقامیەتی کەلار بەتایبەت بەرپرسەکەی لە حزبێکی تر بوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ئەوە رەت دەکەینەوە وەک باس دەکرێت یەکێتی هۆکاربوبێت بۆ زیادبونی زیادەڕەوی بەتایبەت لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی هەڵبژاردندا.

## بەشی سێیەم: بەرپرسیارێتی هاوڵاتی

### ١. ٤٢٪ی هاوڵاتیان لەکاتی بونی مامەڵە لەلای حکومەت پەنا بۆ حزب دەبەن

بەپێی راپرسییەکی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لە رێگەی ئۆنلاین لەنێوان (٨٩) کەسدا ئەنجامیداوە، پرسیاری ئەوەیان روبەڕوکراوەتەوە کە ئایا قەت هەبوە لەکاتێکدا کارێکت بۆ جێبەجێ نەکراوە لە دەزگایەکی حکومی، پەنا بۆ حزب ببەیت؟ لەوەڵامدا ٤٢,٧٪ـیان دەڵێن بەڵێ و ٥٧,٣٪ دەڵێن نەخێر.

لە پرسیارێکی تردا ئەوە روبەڕوی ئەو بەشداربوانە کراوەتەوە کە وتویانە پەنایان بۆ حزب بردوە لەکاتێکدا کارێکیان لای حکومەت بوە و لێیان پرسیون: ئایا دوای تەداخولکردنی حزب کارەکەت بۆ جێبەجێ کرا؟ لەوەڵامدا ٤٠,٤٪ وتویانە بەڵێ، ٣٨,٥٪ وتویانە نەخێر و ٢١,٢٪ وتویانە تارادەیەک.

هەر بەدوای ئەو پرسیارە، پرسیارێکی تریان روبەڕوکراوەتەوە کە بۆچی پەنایان بۆ حزب برد بۆ راییکردنی مامەڵەکەیان لەلای حکومەت؟ لەوەڵامدا ٤,٨٪ دەڵێن بەهۆی بونی رۆتین، ٤٢,٩٪ وتویانە بەهۆی دروستکردنی ئاستەنگ بۆم، ٣١٪ وتویانە بۆ ئەوەی کارەکەم زوتر بەڕێبخرێت و ٢١,٤٪ وتویانە بەهۆکاری تر.

» پێویستە دەستی حزب لە ناو حکومەت ببڕدرێت «

### ٢. چاودێرێکی سیاسی: دەبێت هاوڵاتیان رێگری بکەن لە دەستوەردانی حزب لە حکومەت

چاودێرێکی سیاسی پێیوایە دەستوەردانی حزب لە کاروباری حکومەت نائاساییە و بەڵکو دەبێت دەستی حزب لەناو حکومەتدا ببڕدرێت، بۆ ئەمەش دەبێت هاوڵاتیان رۆڵیان هەبێت.

د.ئیسماعیل نامیق، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی، دەڵێت: پێویستە دەستی حزب لە ناو حکومەت ببڕدرێت بە جۆرێک پێویستە ئەو حزبانەی کە دەسەڵاتیان هەیە و حکومەت پێکدەهێنن قەناعەت بەوە بێنن ئەوەی تائێستا کردویانە حوکمڕانی نییە و ئەو دەستوەردانانەی کە کردویانە لە کۆی جومگە و پنتەکانی دامەزراوەکان بوە بە زیان بۆ هاوڵاتیان و خۆشیان.

وتیشی: پێویستە حزبەکان قەناعەت بەوەبێنن پێویستە دابەشکارییەکان تەنها لە ئاستی سەرەوە بێت وەک سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکان و پەرلەمان نەک جومگە و فەرمانگەکان، لە ئاستی خوارەوەش لەسەر توانا و لێهاتوی و خزمەت و دڵۆزی یەکلابکرێتەوە.

ئەیاد محەمەد، چالاکوان لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: تاک هۆکارە هەندێکجار بۆ دەستوەردانەکانی حزب بۆ کاروباری حکومەت، بۆیە پێویستە تاک هۆشیاربکرێتەوە لەسەر ئەو بابەتە لە بری پەنابردنە بەر حزب بۆ راییکردنی کاروبارەکان پشت بە یاسا و رێنماییەکان ببەستێت و داوای هەقی خۆی بکات.

هێمای بۆئەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا لە کاروباری رۆژانە پێویستە هاوڵاتیان ئەو پێشلکارییانە قبوڵ نەکەن کە بەرامبەریان دەکرێت بەهۆی دەستوەردانی حزبی بۆ کاری کەسێکی دیکە.

لایخۆشیەوە، د. ئیسماعیل نامیق، جەختی لە پێویستی هەڵوەستەکردنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لەمبارەیەوە کردەوە «پێویستە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بە وردیی چاودێری حزبە دەسەڵاتدارەکان بکەن و کە لە فەرمانگەیەک کارێکی ناڕەوا دەکرێت و دەبینرێت و باش بەڕێوە ناچێت، دەبێت زۆر بە چڕی و وردی و توند لەسەر ئەو دیاردە نەشیاوانە بێنە دەنگ و رێگری بکەن و نەهێڵن تەشەنە بسێنێت و چاودێرێکی ورد و دڵسۆزبن».

بەپێی وتەی ئەو چاودێرەی سیاسی هاوڵاتیانیش یەکێکن لەو رێکارانەی کە پێویستە رۆڵبگێڕن، بە جۆرێک کە هاوڵاتی ئەبینێت نادادییەک ئەکرێت لە فەرمانگەیەکدا دەست هەڵبڕێت و رێگە نەدات بەسەریا تێپەڕێت، چونکە هاوڵاتیەک کە لە فەرمانگەیەک وەستاوە و سەرەی گرتوە و کەسێک دێت بە پشتیوانی حزب باز دەدات بەسەر ئەو هەمو کەسەدا، پێویستە بێتە دەنگ و ئەگەر خۆی چاودێری مافی خۆی نەکات کەس ناتوانێت بۆی وەربگرێتەوە.

## ٣. هاوڵاتی تا چەند هۆکارە بۆ پەلکێشکردنی حزب بۆ ناو کاروباری حکومەت؟

هاوڵاتیان بە هۆکاری سـەرەکی دەزانرێت بۆ دەسـتوەردانی حزب لـە کاروبـاری حکومـەت، چالاکوانـان دەڵێن بۆ سـادەترین کار هاوڵاتـی پەنا دەباتە بەر حزب، بەپێویستیشـی دەزانن هاوڵاتیان هۆشـیاربکرێنەوە، بەرپرسـانی حکومەتیش جەخت لە دروسـتی بابەتەکە دەکەنەوە.

ئەیـاد محەمەد، چالاکـوان لە گەرمیان، باس لـەوە دەکات: تاک هـۆکارە هەندێکجـار بـۆ دەسـتوەردانەکانی حزب بـۆ کاروباری حکومەت.

«لە بەشـێک لە دەسـتوەردانەکان هاوڵاتیان خۆیان بەرپرسـن و هەر خۆیان هۆکارن حزب دەست لە کاروباری ئیداری فەرمانگەکان وەربدات و خۆیان دەچنە لای حزبە سیاسیەکان و داوای نایاساییان هەیە بە ئەوان بۆیان جێبەجێ بکەن». سەیوان مەحمود، چالاکوان لە گەرمیان، وا دەڵێت.

وتیشی: بەڵگەش زۆرە بۆ ئەم بابەتە چ لە بابەتی دامەزراندن بێت یـان لـە راییکردنی هەندێک مامەڵەی ئیـداری بێت یان لە بابەتی زیادەڕۆیی بێت، کە کەسانی حزبی و ناحزبیش جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکەنەوە.

ئەکرەم سـاڵح، سەرۆکی شـارەوانی کەلار لەسەر پشکی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان، لەمبارەیەوە وتی: ئەوە راسـتە هۆکاری پەلکێشـکردنی حزب بـۆ ناو کاروباری حکومەت بەشـێکی زۆری هاوڵاتیـان خـودی خۆیانن کـە داواکارییەکی هەیـە و لە رێگەی حزبەکانـەوە بـە بـێ جیـاوازی کاری لەسـەر دەکات و رۆژانەش چەندین داواکاری لەو شێوەیەمان بۆ دێت.

دەشـڵێت: ئەو کەسانەشـی کە لە رێگەی حزبەکانـەوە داواکاری دەکەن ئیشـەکەیان نایاساییە بۆیە تەکلیف دەکەن، ئەگەرنا بێنە دامودەزگای دەوڵەت ئیشەکەیان یاسایی بێت هەر بۆیان دەکرێت.

بەپێی وتەی سـەرۆکی شارەوانی کەلار «دەیان جاریش بەرپرسی حزب هاتوە و ئیشەکەی بۆ نەکراوە و رۆشتوە».

بە هەمان شـێوە، عادل حسێن، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری گەرمیان لەسەر پشکی یەکگرتوی ئیسلامی، بـاس لەوە دەکات: بەشـێکی لە دەسـتوەردانەکانی حزب بۆ ناو حکومەت هاوڵاتیانن کە وایکردوە پەلکێشی دەستی حزب بکەن بۆ ناو کاروباری ئیداری، بەجۆرێکە ئەتوانین بڵێن هاوڵاتی شـۆفێری کارەکەیە چ لە پرۆسـەی هەڵبژاردن چ لە پێکهێنانی حکومەت و دابەشکاری پۆستەکانیش.

وتیشـی: رۆژانە بەشێکی زۆری هاوڵاتیان کە زانیان کارەکەیان لە شـوێنێک دەوستێت و وەکپێویسـت ناڕوات و کارەکەی نایاسایی بێت، ئەوە پێش ئەوەی بڕوات بۆلای یەکە ئیدارییەکان و کارەکەی بـۆ بکات بەپێی یاسـا و رێنماییـەکان، پەنا بۆ حزب دەبات و لە رێگەی فشـاری حزبیەوە ئیشـەکەی دەکات، ئەمەش دەرگایەکی هەڵەیـە و هاوڵاتیانیـش ناچارن ئـەوە بکەن، چونکـە واقعیەتی کارەکە وا دەخوازێت.

بـە پێـی وتـەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشـتی رۆشـنبیری و هونەری گەرمیان، ئەگەر هاوڵاتیان لە وڵاتێکی گونجاو و شـەفاف بێـت و ئیشـەکانی بەشـێوەیەکی ئیداری بڕوات و حزب دەسـت نەخاتـە ناو کاروبـاری حکومەت، هاوڵاتی نـاڕوات بۆ پەنجەرە و ئەزانێت دواجار لە رێگەی حزبەوە کارەکانی حکومەتیش جێبەجێ دەکرێت.

«بەشـێکی زۆری دەسـتوەردانەکان خەڵک هۆکارە کە شەخسـی نـاو حزبێـک یـان حزبێـک دەسـت وەربدات لـە ئیـش و کاری فەرمانگـەکان، خەڵک لە بری ئەوەی پەنا بباتە بەر فەرمانگەکان بۆ راپەڕاندنی ئیشـوکارەکان، پەنا دەباتە بەر شەخسی حزبەکان یان دامودەزگایەکی حزبی بۆ ئەوەی ئیشەکەی بۆ بکرێت». ژیلوان عادل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشـتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان، وا دەڵێت.

جەختـی لەوەشـکردەوە: چەندین نمونەمان لایـە هاوڵاتی هەبوە ئیشـێکی هەبوە پەنای بردوەتە بەر ٣ کەسـی جیاواز لە ٣ حزبی جیاواز بەس بۆ ئەوەی ئیشەکەی بۆ بکرێت، لە کاتێکدا ئیشەکەشی یاسایی بوە و ئەو تەکلیفەی نەکردایە هەر بۆی دەکرا.

بە هەمانشـێوە، بورهان مزەفەر، لێپرسـراوی مەڵبەندی گەرمیان یەکگرتوی ئیسـلامی، هێمای بۆ ئەوەکـرد: ئەتوانین بڵێن نیوەی هۆکارەکانی دەسـتوەردانەکانی حزب بۆ نـاو کاروباری حکومەت پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە ، ئەوەکەی تریشی حزبەکان خۆیانن.

هـاوکات عەلی دەروێـش، وتەبێژی مەڵبەنـدی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەڵێت: زۆرجار ئەو دیاردەیە هەیە خەڵک تەکلیـف ئـەکات بۆ بابەتێـک و حزب پەلکێشـی نـاو کاروباری حکومـەت ئەکات کە ئەمە لە زۆربەی حزبەکانیش هەیە بەتایبەت لەلای ئێمە و نوێنەرەکانمان لە ناو حکومەت، زۆر خەڵک هاتوە و داوای کردوە، بەڵام ئێمە خۆمان لاداوە لەو دەستوەردانە و نەمان کردوە.

وتیشـی: زۆربەی ئەو داواکارییانەشـی خەڵک هەیبوە و هاتوەتە لای حزبـەکان شـتی نایاسـایی بـون و ئێمـەش لەگـەڵ بابەتی نایاسـایی نین، چونکە شـتێکە لە دەرەوەی یاسـا و رێنماییەکان و لـە چوارچێوەی رێنماییەکان خۆی نابینێتەوە بۆیە پەنا ئەبەنە بەر حزبەکان، ئێمەش لەگەڵ ئەوە نین، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی خەڵـک بۆ خۆی هۆکارە بۆ دەسـت وەردانـی حزبی بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانا فشاریش ئەکرێت.

# بەشی چوارەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. بەپێی هەموو پێدراوەکان دەستوەردانی حزب لە کاروباری حکومییدا لە گەرمیان دیاردەیەکی بەرچاو و زەقە، لەلایەکی تریشەوە هەستیارە، هەربەوهۆیەوە هەندێک لە بەڕێوبەرە حکومییەکان ئامادە نەبون لەمبارەیەوە قسە بۆ یەکەکەمان بکەن. ڕاڤەی ئەم دەستوەردانە لەلای هاوڵاتیان و چالاکوانان جیاوازە لەوەی بەرپرسانی حکومەت و حزب، بەشێوەیەک هاوڵاتیان بە دەستوەردانی تەواوی دەزانن، بەڵام بەرپرسان بە تەکلیف و بەدواداچون و بەدەمەوەهاتنی خەڵکی دەزانن.

٢. ئاستی دەستوەردانی حزب لەناو قەزاکاندا زیاترە وەک لە ناحیەکان، ئەمەش بەوهۆیەی ناحیەکان هەم ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و هەمیش کەمتر لە ڕوی ئیدارییەوە هاوڵاتیان کێشە و ئاستەنگییان هەیە.

٣. بەپێی پێدراوەکان هەموو حزبەکان و بە قەبارەی خۆیان، دەستوەردان لە کاروباری حکومییدا دەکەن لە سنورەکەدا، بەڵام ڕێژەکە بەگوێرەی قەبارە و ڕۆڵی حزبەکان لە حکومەتدا جیاوازە، ئەوانەی پێیان دەوترێت حزبە گەورەکان، ڕادەی دەستوەردانیان زیاترە.

٤. بەڕێوەبەرانی حکومی باس لەوەدەکەن کە حزب وەکو دامەزراوە کەمتر دەست لە کاروبارەکانیان وەردەدەن، بەڵکو ئەوەی زیاتر دەستوەردەدات بەرپرسانی حزبین.

٥. تەنانەت بەرپرسانی حزب و حکومی ئەوانەی دەرەوەی یەکێتی، گلەیی لە دەستوەردانی حزبی باڵادەست «یەکێتی» دەکەن لە کاروباری بەرپرسەکانیان لە حکومەت و پێیانوایە زۆرجار جیاکاری و دژایەتیان بەرامبەر دەکرێت.

٦. بەڕای چالاکوانان و پسپۆڕان، دەستوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی، سەردەکێشێت بۆ زۆر کێشە، لەوانە: لاوازکردنی حکومەت، فراوانکردنی نادادیی، بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و ...هتد.

٧. بەرپرسانی حزبی و حکومی باس لەوەدەکەن کە زۆرجار هاوڵاتیان خۆیان هۆکارن بۆ بونی حاڵەتەکانی دەستوەردانی حزبی، بەوپێیەی کاتێک کارێکیان هەیە لەلای حکومەت و نایاساییە، پەنا بۆ حزب دەبەن و دەیانەوێت بە فشاری ئەوان بۆیان جێبەجێ بکرێت. بەپێی ڕاپرسیەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیانیش کە بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە، ٧ ,٤٢٪ دەڵێن پەنایان بۆ حزب بردوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی کارێک لەلای حکومەت.

## دوەم: راسپاردەکان

١. دەستوەردانی حزبی دیاردەیەکی زەق و ئاشکرایە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە حزبەکان بەڕێوبەری دامودەزگا حکومییەکان و بگرە بەرپرسانی زۆرێک لە بەش و هۆبەی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان دادەنێن. هەمو ئەمانەش لە سەروەختێکدا دەگوزەرێن، کە هیچ رێکارێکی یاسایی و کارگێڕیی رون کە سنوری دەستوەردان و رۆڵی حزب لەسەر ئاستی حکومەت و بەتایبەتی حکومەتی خۆجێیی دیاریی بکات، بونی نییە.
بۆیە هانی پارلەمانی کوردستان دەدەین کە یاسای تایبەتمەند بۆ ئەم پرسە دەربکات و حکومەتی هەرێمیش رێنمایی پێویست دەربکات بۆ سەربەخۆکردنی زیاتری حکومەت و دورخستنەوەی لە دەستوەردانی حکومی.

٢. بەوهۆیەی هەمو پۆستێکی حکومی لە ئاستی مەرکەز و ناوچەدا بەشبەشێنەی حزبییە، بۆیە هەمو بەڕێوبەرێک کە لە فەرمانگەیەک دادەنرێت، راستەوخۆ کادیری حزب یان هەوادار و لایەنگری حزبێکە، ئەمەش وادەکات نەتوانێت لە بڕیاری حزب و بەرپرسەکانی دەربچێت و بەناچاری داواکانیان ئەگەرچی یاساییش نەبن، جێبەجێ بکات.
بۆیە پێویست دەکات پارلەمان و حکومەتی هەرێم، یاسا و رێکاری نوێ بۆ پڕکردنەوەی پۆستە حکومییە خۆجێییەکان دەستنیشان بکەن و بەدوریانبخەنەوە لە دەستوەردانی حزبی و حزب و ئەندامێتی و بەشبەشێنەی حزبی نەکرێت بەپێوەر لە دیارییکردنی بەڕێوبەرەکاندا.

٣. بەپێی ئەو راپرسیەی ئەنجاممانداوە، هەروەها بەپێی قسەی بەرپرسانی حزب و حکومەتیش، هاوڵاتیان خۆیان زۆرجار هۆکارن بۆ بونی دەستوەردانی حزبی، ئەویش کاتێک پەنا بۆ حزب دەبەن بۆ جێبەجێکردنی مامەڵەیەکیان لەلای حکومەت.
لەمڕووەوە پێویستە هاوڵاتیان هەم خۆیان هۆشیار بن و دوربکەونەوە لەم حاڵەتە، هەم لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری لەمبارەیەوە ئەنجام بدەن.
هاوکات پێویستیشە رێکاری مامەڵە لە دامودەزگا حکومییەکان دەربکرێت لەو قاوغە رۆتینەی کە تیایەتی و خێراتر و شەفاف بکرێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ناچار نەبن بۆ ورد و درشتی هەر مامەڵەیەک، پەنا بۆ حزب و واستە ببەن.

٤. کێشەیەکی گەورەی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەوەیە کە حزبە بەشدارەکانی کە بەحساب دەبێت هاوپەیمان بن، لە راستیدا هاوپەیمانانە مامەڵە ناکەن و هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنن و هیچ کات کۆبونەوەی هەمە لایەنە لەنێوان خۆیان ناکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە حکومەتدا.
بۆیە هانی ئەو چوار حزبە دەدەین کە حکومەتی خۆجێیی گەرمیانیان بەدەستەوەیە (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵ)، ئەنجومەنێک پێکبێنن تایبەت بە پرسی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان و بە شێوەیەکی بەردەوام کۆبونەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەر ئاستەنگ و کێشەیەک دێتە رێیان بە زویی چارەسەری بکەن و پلان و بەرنامەش دانەن بۆ کەمکردنەوەی دەستوەردانەکانیان لە کاری حکومی و پاراستنی سەربەخۆیی حکومەت.

٥. زۆر گرنگە حکومەت هێڵی گەرمی پەیوەندی، سەکۆی ئۆنلاین بۆ تۆمارکردنی سکاڵا، دانانی سندوقی سکاڵا کارا بکات بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بەهۆکاری جیاواز ئاستەنگییان دێتە رێ، سکاڵا تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی رادەی تەکلیفی هاوڵاتی و بەرپرسانی حزبیش کەم ببنەوە.
هاوکات گرنگە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو داواکاری گشتی، لەسەر ئەم پرسە لە خەت بن و رێگە بە دەستوەردانی حکومی نەدەن.

٦. حکومەتی خۆجێیی زۆرجار لە پرسی دەستوەردانی حزبی دوفاقانە کاردەکات، بەوەی بۆ لایەنێک بە رەوای دەزانێت و بۆ لایەنێکی دیکە بە ناڕەوا. بۆیە پێویستە لەمڕووەوە مامەڵەی حکومەت و بەتایبەتی باڵاترین دەسەڵاتی ئیداری ناوچەکە کە ئیدارەی گەرمیانە، هاوسەنگ و یەکسان بێت و جیاکاریی نەکات.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net